سەرکی حکومەتی هەرەم پەشوازی لە یاریزانانی یانەی ئیتیحاد کرد



سەرکی حکومەتی هەرەمی کوردستان لەمیانی پەشوازیکردنی لە شاندی یانەی ئیتیحادی سعوودی، جەختی کردەوە وەرزش رۆڵکی گرنگ لە لێیک نزیککردنەوە و بردودان بە تەبایی و ئاشتەوایی نێوان گەلان دەگێڕێت.

ڕۆژی یەکشەممە (5ـی تشرینی دووەمی 2023) مەسرور بارزانی، سەرکی حکومەتی هەرەمی کوردستان، پەشوازی لە سەرک و ڕاهێنەر و یاریزانانی یانەی وەرزشی (الاتحاد)ـی سعوودی کرد.

لە دیدارەکەدا کە محەممەد بن سلەمان عەسیری، کونسوڵی گشتیی عەرەبستانی سعوودی لە هەولێر ئامادەی بوو، سەرکوەزیران مەسرور بارزانی وەڵای بەخێرهێنانی شاندی یانەی (الاتحاد)، ئاماژەی بە پەیامی گرنگی وەرزش کرد کە جیا لە بەخشینی چێژ و بەسەربردنی کاتێکی خەش و سوودی تەندروستی، لە هەمان کاتدا دەکرێ وەرزش ڕۆڵکی گرنگیش لە لێیک نزیککردنەوە و بردودان بە تەبایی و ئاشتەوایی نێوان گەلان بگێڕێت.

هاوکات سەرک و یاریزانانی یانەی (الاتحاد) خۆشحاڵی خۆیان بە هاتنیان بۆ کوردستان و پەشوازی گەرمیان لەلایەن خەڵکی هەولێرەوە دەربڕی.